# بێئاگایی سیاسی و مێژوویی لە ئاگادارکردنەوەکەی (رێبوار ئەحمەد)

**دارا گەرمیانی**

بەڕێز (رێبوار ئەحمەد) سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، رۆژی (٢٠٠٣/١/٣٠) نامەیەکی ئاگادارکردنەوەی بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نوسیوە و (کوردستان نێت) یش بڵاوی‌کردۆتەوە.

کە ئاگادارکردنەوەکەی دەخوێنیتەوە، هەست ئەکەیت بەڕێز (رێبوار ئەحمەد) لەروانگەی ئایدیۆلۆژی خۆیەوە، لەم بارودۆخەدا پەرۆشیەك هانیداوە ئاگادارکردنەوەکە بنوسێ. بەڵام کە وردی ناوەرۆکی نامەکە ئەبیتەوە ئەو هەڵانەی کردویەتی ئەتگەیەنێتە ئەو باوەڕە کە کاك رێبوار شارەزاییەکی کەمی لە سیاسەت و مێژوودا هەیە. یان لایەنی کەم، لەکاتی نوسینی نامەکەدا کەمترین زانیاری لەسەر مێژووی جەنگ و رۆڵی حکومەت و گەلان لە جەنگەکاندا، لەیادەوەری رابەرایەتی ئەم سیاسەتمەدارە هەرە توندرە. تەنها دێڕێکی ناو نامەکەی کاك رێبواریش ئەکەمە تەوەری وەڵامەکە، ئەویش ئەم کورتە دێڕە کە ئەڵێ:

دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا هەڕەشەی کوشتار و وێرانکاریەکی بێوێنە دەکەن، تەنانەت بەوپەڕی دڕندەیەتیەوە هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دەدەن بەگوێی دنیادا. لەولاشەوە رژێمی فاشیستی صدام رادەگەیەنێ کە سوپای ئەمریکا و هاوکارانی پێ بنێنە هەر جێگایەك بەهەموو توانا و بێ دەستپاراستن رەش و سپی خاپوری دەکات. (هێڵی ژێر رژێمی فاشیستی ئێمە کێشاومانە) .

با ئەوە لەولاوە بوەستێ کە فەرمانڕەوایانی ئەمریکا هەڕەشەی کوشتار و وێرانکاری بێوێنەیان نەکردووە. بەڵکو رایان گەیاندووە کە هێزی تایبەتیان بۆ پاراستنی داوودەزگاکانی نەوتیان لەکاتی جەنگدا ئامادەکردووە. گوتوشیانە کە دژی دانیشتوان هیچ ناکەن. دوو هەفتە زیاتریشە لە ئاسمانەوە ملیۆنەها پەخشنامەیان لەخوارووی عێراقدا بڵاوکردۆتەوە کە خەڵك لە سەربازگە و شەڕگە دووربکەونەوە. ئەمانە هەموو لەولاوە بوەستێ کە کاك رێبوار هەمووی نادیدەگرتووە. لەمەشدا مەبەست بەرگریکردن نییە لە ئەمریکا بەڵکو مەبەست گوتنی رووداوەکانە وەکو هەیە، نەك پەروباڵ بەئارەزوو لە رووداوەکە بروێنین.

ئەوەی لامان گرنگە ئەو دێرەیە کە کاك رێبوار ئەڵێ: (رژێمی فاشیستی صدام) . من ئەپرسم: ئایە کاك رێبوار مێژووی رژێمە فاشیەکانی خوێندۆتەوە؟ ئەزانێ ئەو رژێمانە بەچی روخان؟ ئەشزانێ کام رژێمی فاشی لەجەنگدا نەروخاوە؟

سیاسیەك، نوسەرێك، بەرپرسێك (نەخوازەڵڵا رابەری حیزبێك بێ) کە دانی پیانا رژێمێك فاشیستییە، ئیتر ئەبێ بزانێ ئەم دانپیانانە مەسئولیەتی هەیە. مەسئولیەتەکەش مەسئولیەتی خەباتێکی سەختە. چونکە فاشیەت و نازیەت لەمێژوودا خەتەرناکترین و ترسناکترین رژێمەکانی سەرئەرز بون و هەن. لەمێژووی سەدەی بیستەمیشدا چەندین رژێمی فاشی و نازی هەبووە، رژێمی فاشی وەکو بەعسی عێراقیش پەرپوەتە سەدەی بیست و یەکەم. بۆئەوەی کاك رێبوار و خوێنەر لەم هەلومەرجە چارەنوسسازەدا بگێرینەوە بۆ یادەوەریەکانی مێژوو وا چاکە ئاورێك لە تاقیگا فاشیەکانی سەدەی بیستەم بدەینەوە کە فاشیەکان چیی بون و چۆن روخاون.

فاشیەت. لەئیتالیادا، دوای جەنگی یەکەم سەریهەڵدا. سەرهەڵدانەکەی لەلایەکەوە بۆ لاوازی سەرمایەداری ئیتالیا لە چارەسەرکردنی قەیرانە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان ئەگەڕایەوە، لەلایەکی تریشەوە هۆی سەرهەڵدانی بۆ ناڕادیکالیەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا ئەگەڕایەوە کە گەورەترین بزوتنەوەی کرێکارانی ئۆروپایان رابەرایەتی ئەکرد. بەڵام رابەرایەتیەکی پاشکۆی رووداوەکان بون. کە فاشیەکان سەرکەوتن. نە بە هێزە دیموکراتخوازەکان، نە بە کۆمۆنیستەکان، نە بە فشارە نێودەوڵەتیەکان، نە بە خەباتی بەرینی کرێکاران و ئینتەرناسیۆنالیزمی جیهانی لەناونەبران، بەڵکو فاشیەکان لەناو ئیتالیادا خۆیان چەسپاند. هەتا تەمەنیان گەیاندە جەنگی دووەم، بەڵام لەجەنگی دووەمدا روخان. دوای روخان مۆسۆلۆنی سەرۆکی فاشیەکان هەڵهاتو پارتیزانەکانی حیزبی کۆمۆنیست گرتیان و کوشتیان. واتا:

حیزبی کۆمۆنیسی ئیتالیا بە ملیۆنەها کرێکار و پشتیوانی هەموو کۆمۆنیستەکانی دونیا نەیتوانی فاشیەکان لەناوبەرێ. بەڵام لەجەنگدا پارتیزانکانی توانیان مۆسۆلۆنی بگرن و بەسزای گەلی بگەیەنن.

لەسەروبەندی جەنگی دووەمیش، دوو حیزبی نازی و فاشی لەبەرامبەر کرێکاران و دیموکراسیدا، سەرکەوتن، حیزبی نازی لەئەڵمانیا و فالانژستەکانیش لە ئیسپانیا. لەئیسپانیادا شەڕی ناوخۆیی لەنێوان کۆماری و دیموکراتخوازەکان و فالانژستەکاندا تەقیەوە. سۆڤیەت و تەواوی کۆمۆنیست و کرێکار و دیموکراتخوازانی جیهان، بەهەموو توانایەك، تەنانەت بەبەشداریکردنی دەیان هەزار خۆبەخش لە جەنگەکەشدا، نەیانتوانی فالانژستەکانی ئیسپانیا لەناوبەرن. چونکە جەنگەکە جەنگی ناوخۆ بوو. لە جەنگە ناوخۆییەکەی ئیسپانیاش گۆڕانکاری و تەرازووی هێز لەبەرژەوەندی فالانژستکان بوو نەك کۆماریخوازەکان. سەرەنجام فرانکۆی سەرۆکی فالانژستەکان هەتا مرد حوکمی کرد. تەنانەت لەگیانەلاشدا هەفتەیەك پێش مردنی حوکمێکی عیدامی مۆرکرد.

با بێینەوە سەر ئەڵمانیای نازی. نازیەکانی ئەڵمانیا دیسان بەهۆی قەیرانی ئابوری و کۆمەلایەتیەوە، لاوازی بۆرژوازی ئەڵمانیا و دەستەپاچەیی حیزبی کۆمۆنیستیان دوای دوو کودەتای تێشکاو، قۆزتەوە و بەهەڵبژاردن سەرکەوتن. ئەمە لەکاتێکدا مارکس و ئەنجلس پێشبینیان کردبوو ئەڵمانیا دەبێتە زایگای شۆڕشی سۆسیالیستی. کەچی بوو بە مامانی لەدایکبون و سەرکەوتنی نازیەت.

نازیەکان و هیتلەر، بەختوکەدانی هەستی ناسیۆنالیستی بریندارکراوی ئەڵمانیا لە دوای جەنگی یەکەم دابەزینە مەیدان و لەمەیدانەکەشدا، بەنەخشەیەکی ستراتیژی تەکنەلۆژی جەنگ و جەنگین، سوپای ئەڵمانیایان بە مەشقو چەکی هەرە پێشکەوتوو تەیارکرد. بێ‌ئەوەی گوێ بدەنە بەندەکانی (صولحی فرسای) کە ئەڵمانیا بۆی نەبوو سوپای بەهێز دروست بکاتەوە.

کاتێك نازیەکان کەوتینشە هەڕەشەکردنی جیهان و کوشتنی کۆمۆنیستەکان و جولەکە، سەیرەکە لەوەدا بوو رابەری هەرەتوندڕەوی ئەوکاتەی کۆمۆنیستی کە ناوی (هاوڕێ ستالین!) بوو، گوێی‌نەدایە ئەوە هیتلەر و نازیەت چەند خەتەرناکن، چەندیش کۆمۆنیست و کرێکار ئەکوژن، چۆنیش ولاتان داگیرئەکەن. . بەبێ گوێ‌پێدانی ئەو مەترسی و کوشتارگایانە، ستالین رابەری کۆمۆنیستەکان‌و سومبلی سۆسیالیزم، رێکەوتنامەی لەگەڵ هیتلەردا مۆرکرد و نەوت و ئاسن و گۆگردیشی دا بە ئەڵمانیا. . بەحسابی خۆی بەم سیاسەتە بلیمەتیەی، سۆڤیەت لە جەنگ دوورئەخاتەوە و لەدوریشەوە سەیری جەنگی سەرمایەدارەکان ئەکا لەناوخۆیاندا. گوایە دوای ئەوەی لە جەگیش سەرمایەدارنی جیهان لاواز ئەبن، ئینجا شۆڕشی سۆسیالیستی سەرئەخا. لەسەر ئەم تێزە سیاسییە ستالین هاوپەیمانی هیتلەری کرد. بەلام لەبەرامبەردا، رابەرێکی سەرمایەداری گەورە، پێچەوانەی ستالینی کۆمۆنیست، دەرکی خەتەرناکی هیتلەر و نازیەتی کرد و سیاسەتی بەرپەرچدانەوە و جەنگی دژی نازیەت راگەیاند. هەر بەڕاستیش بریتانیای سەرمایەداری و تشرشلی رابەری سەرمایەداری، لەو هەلومەرجەدا زۆر دووربینتر و هەستی مرۆڤایەتیشیان قولتر و گیانی ئازایەتی و ئازادیخوازیشیان درەوشاوەتر بوو. ئامادەش بون لەوپێناوەدا باجی ئازادی بە ملیۆنەها قوربانی بدەن.

ئێستا ئەپرسین: رواداوەکانی مێژوو سەلماندیان کام سیاسەتە راست و مێژوویی بوو؟ سیاسەتی کۆمۆنیستی ستالین یان سیاسەتی دیموکراتی سەرمایەداری تشرشل و پاشان رۆژئاوا و ئەمریکاش؟ ئەگەر هیتلەر لەجەنگدا نەروخایە، هەموو دونیای ئەگرت. زۆر لە قوربانیانی جەنگی دووەمی جیهانیش زیاتر خەڵکی ئەکوشت. رێگەشی لە گۆڕانکاری ئەگرت. داهێنان و ئازادی و چارەنوسی خەڵکیش دوچاری ناهەموارترین رۆژگار ئەبوو، هەتا هیتلەریش، وەکو فرانکۆ، دواهەناسەی نازیەتی بەمەرگی فیزیۆلۆژی ئەکێشا. ئەمە راستیەکانی مێژوون کە نە ستالین بە پاساوی ئایدیۆلۆژی توانی مەترسیەکانی نازیەت لە سۆڤیەت دووربخاتەوە، نە لەبەرئەوەش پێی‌دەگوترا کۆمۆنیست توانی وەکو تشرشل ببێتە کەڵەپیاوی ئەو قۆناغە.

بشمانەوێ. . نمونەیەك وەکو رژێمی عێراق بهێنینەوە، نزیکترین نمونە رژێمی فاشی شیلیە، کە تیایدا بینوشێ توانی کودەتایەکی سەربازی بەپشتیوانی موخابەراتی ئەمریکا سەربخا و رژێمی (سلڤادۆر ئیلەندی) چەپ و سۆسیالیستی لەناوبەرێ. ئەم فاشییە وەکو درندە کەوتە گیانی گەلەکەی و ئازادیخوازان. هەتا توانای هەبوو حوکمی کرد. کەپیریش بوو ئینجا دوورکەوتەوە لە دەسەلات. بەپیریش سایەی لەسەر دەسەلاتی دوای خۆی هەبوو. کە پێراریش لە بریتانیا ویستیان بیدەنە دادگا، هەر حکومەتی شیلی رزگاریکرد. ئەم نمونەیەش دەری‌ئەخا کە رژێمێکی فاشی بەجەنگی گەورە، یان بە روداوی گەورە نەبێ، لەناوناچێ. بەبەردەوامیش خەڵك ئەبێ ببنە قوربانی تەمەندرێژی ئەم جۆرە رژێمە فاشیانە.

رژێمی عێراق. . نمونەیەکە لەو نمونانە. بەلام نمونەیەکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، کە لەلایەکەوە پەیامی ناسیۆنالیزمێکی ژێردەستە و دواکەوتووی هەیە، لەلایەکی تریشەوە رەگوڕیشەیەکی توتالیتاری ئیسلامی هەیە. ئاین و ناسیۆنالیزم لە فۆرمێکی بەحساب مۆدێرندا

پێشکەش ئەکا. بەڵام مۆدێرنێکی فاشیانە. واتا: فاشیەکی مۆدێرنەیە دژی پەیامی راستەقینەی مۆدێرنە کە لە بنچینەدا مۆدێرنیزم ئازادی ئەقڵ و ئازادی بیروڕا و ئازادی رەخنە و ئازادی رزگاری لە دەسەڵاتی ئاینەکان ئەکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی. بەڵام بەعس بەپێچەوانەوە، دوژمنی سەرسەختی هەموو ئازادیەکانە.

بەعسی عێراقیش. . وەکو فاشیەکانی ئیتالیا و نازیەکانی ئەڵمانیا و فلانژستەکانی ئیسپانیا و فرانکۆیەکانی شیلی، لاوازی بۆرژوازی وڵاتەکەی و شکستی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی قۆزتەوە و کودەتاکەی سەرخست.

ئەم رژێمە. . لە جەنگی کوردستان مایەوە. لە جەنگی ئێران، لە جەنگی کوێیتو لە جەنگی سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و راپەڕینی ( ١٩٩١) ی خواروی عێراق مایەوە. تەنها لە کوردستان، لەدوای راپەڕین و کۆچڕەوەکەوە، کشایەوە، چونکە پشتیوانی نێونەتەوەیی هاتەئاراوە. واتا: فاکتەرێکی سیاسی و عەسکەری تازە هاتە ناو هاوکێشە سیاسیەکانی ناو عێراق و ئۆپۆزسیۆن و کوردستان. . ئەویش فاکتەری جیهانییە. کە جیهان پێشتر لەگەڵ رژێمی عێراق بون.

کە جیهانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات لە جەنگی کوردستاندا پشتیوانی بەعسیان کرد، لە شۆڕشی ئەیلولەوە بۆ ئەنفالەکان، بەعس هەر مایەوە. جیهانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات لەجەنگی ئێراندا پشتیوانی بەعسیان ئەکرد، بەوئازایەتیە بێوێنەیەی پاسدارانی ئێران لەجەنگدا، بەعس هەرمایەوە. کە لە جەنگی کوێیتیشدا، رۆژئاوا دەستی لە سوپای بەزیوی عێراق هەڵگرت، بەو سوپا بەزیوە راپەڕینیان دامرکاندەوە و گەلەکۆچیان سەپاندە سەر گەلەکەشمان. بەڵام کە فاکتەری جیهانی هاتەئاراوە، کوردستان هەتا ئێستاش سەرەڕای بەهێزبونەوەی سوپای عێراق هەر پارێزرا. ئەو راستیانە سەبارەت بە روداوە هەرە گەورەکانی جیهانی و، سەبارەت بە روداوە ناوچەییەکان و عێراق، دەریئەخەن کە دەمێکە فاکتەری جیهانی کاریگەری زۆر گەورەی لەسەر چارەنوسی وڵاتان و گەلان و حیزبەکان هەیە، بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد درەنگ دەرکمان بەو راستییە کردووە. ئەوەتانێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئێستاش دەرکی پێنەکردووە.

کاکە رێبوار!

ئەم نوونامەم بۆئەوەیە رونیکەینەوە کە مادام جەنابت ئەڵێی: رژێمی فاشی سەدام. ئیتر ئەمە لەسەرت ماڵە و نمونە مێژووییەکانیش لەسەرت ماڵن، ناکرێ بڵێی سەدام فاشیە، یەکێتیی و پارتیش لەپاڵ ئەمریکا تاوانبار بکەیت. چونکە یەکێتیی و پارتی، بی ئەمریکا و رۆژئاوا خۆیان تاقیکردەوە. حیزبەکانی تریش خۆیان تاقیکردەوە. لەئەنفالدا مەیدانی شارەکان بۆئێوەش چۆڵ بوو خۆتان تاقیکردەوە. دوای راپەڕینیش بەشوراکان و دەستبەجێی سەپاندنی دروشمی حکومەتی کرێکاریش لەعێراق و کوردستان خۆتان تاقیکردەوە. لەم دەهەیەی دوای راپەڕینیش خۆتان تاقیکردەوە. هەمووڵایەك دژی رژێم خۆی لە مەحەك دا. سەرەنجام، هەمووڵایەك لەژێر ساباتی ناوچەی ئارامی پارێزراوی ئەمریکا و رۆژئاوا، ئازادی و ئاسوودەیی هەیە. ئەمە راستیەکە، بەهیچ دروشم و بەیاننامە و هەڵوێستی رەق و تەق ناشارێتەوە. بەتایبەتی لەم جیهانگیریەدا فاکتەری دەرەکی هەر زۆر رۆچۆتە ناو چوارچێوەی سیاسەتی ناوەکی دەوڵەت و حکومەت و وڵاتانەوە. بەڵکو کاریگەری سیاسەتی جیهانگیری بەسەر حیزبەکانیشەوە هەیە. تەنها حیزبی وەکو حیزبەکەی ئێوەیە ئەم جیهانە گۆڕدراوە لەبەر چاوناگرن.

لەکۆتاییشدا ئەڵێم: گریمان کورد و هێزە باڵادەستەکانی، ئەوپەڕی هەوڵ بدەن خۆیان لەم جەنگە بپارێزن. ئایە کوردستان لە جەنگەکە دورەپەرێزرائەگیرێ؟ بێگومان نەخێر.

جارێ. . رژێم زۆر رقی لەم ئازادیە و لەم سەرکێشیەی رزگاری کورد هەیە لە دەسەڵاتەکەی. بۆی بلوێ لەجەنگدا، یان لەسەرەمەرگیشدا تۆڵەی فاشیانە لەکورد ئەسەنێتەوە. پاشان ئەمریکا لەتورکیاوە پەلاماری عێراق بدا، هەر بە کوردستاندا تێدەپەڕێ. کوردستانیش دەکاتە پایەگایەکی جەنگ. کەرکوکیشمان بیرنەچێ کە ئەکەوێتە ناو مەنگەنەی جەنگەکەوە. جگەلە ئەمریکا، رەنگە تورکیاش بەشێوەیەك لەشێوەکان لەگەڵ ئەمریکا، یان دژی پەکەکە، یاخود بەچاوچلێسی بۆ نەوتی کەرکوك و فرمێسك رشتن بۆ تورکمانەکان، دابەزێتە مەیدانی جەنگەوە.

جگەلە هەموو ئەمانەش. . ئەم جەنگە دژی رژێمێکی فاشییە (وەکو رێبواریش ئەڵێ) ئەم رژێمە چی ماوە بەسەر کورددا بیهێنێ. ئیتر بۆچی کورد زەرەرێتی لەجەنگێکدا ئەم رژێمە فاشییە لەناوبچێ.

- ئایە. . ئەڵمانیەکان زەرەریان بوو لەجەنگدا نازیەکانیان لەکۆڵ بوەوە؟
- ئایە. . ئیتالیەکان زەرەریان بوو لەجەنگدا فاشیەکانیان لەکۆڵ بوەوە؟
- ئایە ئۆروپای رۆژئاوا زەرەریان بوو لەجەنگدا نازیزمیان لەکۆڵ بوەوە؟
- ئایە فەرەنسا. . زەرەری بوو لەجەنگدا سوپای داگیرکەری ئەڵمانی لەکۆڵ بوەوە؟
- هەروا لەم سەردەمەشدا، ئایە گەلانی ئازادیخوازی یوگسلافیای جاران، زەرەریانە لەجەنگدا رزگاریان بووَ؟ زەرەریانە میلۆسۆڤیچ لە دادگای لاهای دەبینن؟
- بەپێچەوانەشەوە ئایە ئیسپانیا و شیلیەکان. . چەند زەرەریان بوو لەجەنگدا حکومەتە فاشیەکانیان لەناونەچون؟
- کورد و هەموو خەڵکی عێراقیش، ئایە چەند زەرەرمان بوو رژێمی عێراق لە جەنگی ئێران و کوێیت نەڕوخا؟

سیاسەت، بە رەخنەی توندی تیۆری ناچێتەسەر. سیاسەت سیاسەتی ئەوێ. سیاسەت لێکدانەوەی هەموو لایەنێکی حوکمدان و بڕیار و بەرنامەی ئەوێ. سیاسەت. . پێش ئەوەی حوکمی تیۆری و رەخنەی ئایدیۆلۆژی بێ، مەسئولیەتە. مەئسولیەتی میللەتیش ئۆباڵەکەی گرانە.

کاکە رێبوار ئەحمەد!

لەناو حیزبێکی بچوکدا کە لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی کوردستاندا لەهەموو کوردستاندا (٥٠٠) دەنگتان نەهێناوە، ئاسانە بۆتۆ رەخنەی توند بگری. هەڵوێست بێحساب کردن بۆ سیاسەتی دەوڵی و ئیقلیمی دەربڕی. بەئارەزووی حیزبەکەشت دژی ئەمریکا و رۆژئاوا بیت. پارتی و یەکێتیش بە رەخنە بشێلی. چونکە جگە لە سەرقاڵکردنی خوێنەری وەکو ئێمەومانان بڕیار و سیاسەتی حیزبەکەی ئێوە هیچ لە هاوکێشەکان ناگۆڕێ، یەک فلس و یەک سەنتیش کارناکاتە سەر بازاڕ و گومرگی کوردستان. سەری مانگیش هەقت بەسەرێەوەوە نییە موچەی خەڵک دابین ئەبێ یان نابێ. گوێش نادەیتە ئەوە موخابەرات و سوپای ناوچەکە چ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر کوردستان ئەبێ. گەر پەلاماری کوردستانیش بدرێ. . یەک مەفرەزەش چەکدار ناکەی بۆ بەرگری. لەشەڕی ناوخۆشدا تەڕو وشک پێکەوە ئەسوتێنێ و جیاوازی نێوان پێشکەوتوو دواکەوتووش ناکەیت. هەقیشت بەسەر ئەوە نییە چەند کرێکارتان لەگەڵە و چەندتان لەگەڵ نییە. چش لەوەش رێکخراوی ژنانتان هەیە، بەلاَم (٥٠) ژنیان لەگەڵ نییە. هیچی ئەو راستیانە و دەیان راستی گەورەی تر لای بەرێزت و حیزبەکەشتان نەبونەتە مایەی هەڵوێستەکردنەوە و هەڵسەنگاندنەوە و پیاچونەوە. ئەوەی لاتان گرنگە تەنها رەخنەی توندو بەیاننامەی گەرمە تەنورە و بەس!

ئێوە دونیا ئەگۆڕێ، ناگۆڕێن. روداوەکان ئەگۆڕێ، ناگۆڕێن. تەرازووی هێز ئەگۆڕێ، ناگۆڕێن. سیستەم ئەگۆڕێ، ناگۆڕێن. دیموکراسی و ئازادی پەرەئەسەنێ، هەر ناگۆڕێن. ئێوە. . لە جەنگی ساردا دامەزراوون، دوای جەنگی ساردیش هەروەکو خۆتان لە ئایدیۆلۆژیەتدا هەر گەرمن. لە جیهانگیریشدا کوت و مت وەکو خۆتانن. تۆزقاڵێکیش فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیەت و سیاسەتتان دەستکاری ناکەن. ئێوە کە چەقتان بەوشێوەیە بەستبێ، ئیتر چۆن پێشئەکەون و چۆن ئەبنە حیزبێکی جەماوەری و چۆن چۆنی لە هەڵبژاردن دا ئەچنە پێشەوە؟

مەعقولە. . (جند الاسلام) لە ئێوە زیاتر خەڵك کۆبکاتەوە، ئەگەر هەڵەی خۆتان نەبێ. مەعقولە بزوتنەوەی ئیسلامی، سێ حیزبی لـێئەبێتەوە، هەر لە ئێوە بەهێزتربن. مەعقولە عێراق ئەوەتانێ ئەڕوخێ، بەلاَم ئێوە لایەنی کەمی بەرنامەتان نییە چی بکەن و لەگەڵ هیچ لایەکیش پرۆژەی هاوبەشتان نییە. هیچ نەبێ پرۆژەی هاوبەشی سیاسی. ئێوە کە وابن. . ئەم هەموو بڕیار و ئەم هەموو حوکم و ئەم هەموو هەڵوێستەتان بۆکوێ برێەکا؟

کاکە رێبوار!

تکام وایە وردی روداوەکان بن. راچڵەکێن. بۆ جارێکیش بێ بەچاوی رەخنەوە بەخۆتاندا بچنەوە. ئاخر ج مەعقولیەتێکی تیایە ئێوە هیچ هەڵەیەکتان نەکردبێ لە (١٥) ساڵی رابوردودا و بۆ جارێکیش رەخنە لەخۆتان نەگرن. چ مەعقولیەتێکی تیایە سەنگی حیزبەکەتان سەرنجی رانەکێشابن. تۆ بڵێی بەوشێوەیە سەرمەستی ئایدیۆلۆژیەت بوبن بەهیچ شێوەیەك ئاگاتان لە خۆتان و رابوردوتان و ئێستاتان

و ئایندەشتان نەمابێ. ئەگەر معتادی ئایدیۆلۆژیش بن خۆ ئەبێ جار جارە بیرێك لە خۆراكێكی تازەی فكری و سیاسی بكەنەوە. چونكە موعتادیش بیر لە خوردان و بگرە جلوبەرگیش ئەكاتەوە.

پێش روخانی سەدامی فاشی، كاروانی گۆڕانكاری و روداوە جۆراجۆرەكانتان بەو سیاسەتە ناڕاستانە لەدەستدا. هیوادارم دوای روخانی رژێم. . گۆڕانكاری و روداوی گەورەتر لەدەست نەدەن. لە تونێلی ئایدیۆلۆژی بێنەدەرەوە و بزانن دونیا چەند روناكی تیایە. روناكی دونیاش زۆر زیاتر پرشنگدارترە لە روناكی ئایدیۆلۆژی.

بڕوا بكەن ئەو بەیان و رۆژنامانەی بەئاشكرا لە سلێمانی چاپ و بڵاوئەكەنەوە (گوایە حیزبێكی نهێنیشن) بڕوا بكەن هەر خۆتان بەزۆری ئەیخوێننەوە. كەمترین كاریگەریشیان لەسەر روداوەكان نییە. لەخۆشتان بەولاوە كەس تاقەتی نەماوە بزانێ رابەرە ئێرانی و كوردەكانیشتان چی ئەڵێن و ناڵێن. ئەمەش هەموو لەبەرئەوەی قسەكانتان پەیوەندی بە هەست و پێویستی خەڵكەوە نییە. بەڵكو دژی بیروبۆچونە چارەنوسسازەكانی خەڵكیشن.

خەڵك لەم دونیای گۆڕانكاریەدا بەئایدیۆلۆژیەت ناژی. ئایدیۆلۆژیەت ئاخرین رێگای بیركردنەوەی خەڵكە. خەڵك ژیانی ئاسودەی ئەوێ. خەڵك گوزەران و ئاستی بەرزتری بژێوی ئەوێ. خەڵك ئازادی و سەربەستی ئەوێ. خەڵك زانست و زانیاری و تەندروستی بەرزی ئەوێ. خەڵك. . تەئمین كردنی ژیانی ماڵ و مناڵ و ژینگەی ئەوێ. خەڵك شاری جوان و دێهاتی بەپیت و شارستانیەتی پێشكەوتوی ئەوێ. فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیەت، ئەگەر لەسەردەمەكانیدواكەوتن و پیشەسازی هەڵم دا، لای ماركس و ئەندێشمەندان و خوێنەواران زۆر گرنگ بوبێ، كە هەر بەڕاستیش گرنگ بووە، ئەوا لەسەردەمی جیهانگیری و ئەنتەرنێت و سەتەلایت و پلەیستەیشن و موبایل و كۆپیكردنی گیانلەبەر و پێشكەوتنە سەرسوڕهێنەرەكانی ئەمڕۆدا، ئایدیۆلۆژیەت و فەلسەفە ئاخرین شتە بیر خەڵك بكەوێتەوە و هەرگیزیش فەلسەفە نابێتە داینەمۆی بیروڕای گشتی دیموكراسی. ئێستا مرۆڤ، جەنجاڵی پێویستی هەرەنوێی ژیان و بیركردنەوەی هەمەلایەنەی ژیانە. مرۆڤ، تەنانەت لە وڵاتە دواكەوتوەكانیشدا، ئەگەر بە سیستەمەكان و ئەگەر بە حیزبەكان و بەو ئاستە كەمەی دیموكراسی پێش نەخرابێ و لەژێر كاریگەری باوكسالاری و دواكەوتن رزگارنەكرابێ، ئەوا ئێستا مرۆڤ هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ چاخی فەلسەفە. بەڵكو مرۆڤ بەخێرایی جڵەوكێش ئەكرێتە ژێر كاریگەری تەكنەلۆژیای نوێ و فكری و بیركردنەوەی نوێ. جەنجاڵی ئەندێشەی مرۆڤ. . نوێیە و هەتا دێتیش بەرەو نوێبونەوەی زیاتر دەڕوا. فەلسەفە. . ئیتر بۆتە كاری خەڵكی خوێنەوار بەرز و هەڵبژاردەی كۆمەڵ. بۆیە، لە تونێلی ئایدیۆلۆژی و فەلسەفە وەرنەدەرەوە و تێكەڵاوی ژیان بە پان و بەرینی ببنەوە. ژیان بەهەموو رەهەند و بەهەموو جوانیەكانی.

## تێبینی كوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣